

باران نەوزاد ڕەفعەت

# تیری ئایرۆس

به پۆله کۆتری هەوران
به هەیوه شەو
به با دەڵێم:
له ژێر باڵی میهرتاندا
کەسێ دەژێ خوا دەناسێ
کەسێ هەیه له ئەستێره و خۆر نزیکه
فریادڕەسێ
له ڕێبەندانی ژیاندا
زەنگوڵەی بەهار لێدەدا و
مزگێنینامەی هاتنەوەی قەتاری قازوقورینگان دەداته هەزار
چاوەڕوان
ساز دەبەخشێتەوه خۆشخوان
پێیان دەڵێم:
بێجگه له ئامێزی ئاسمان
بێجگه له دەرگای پیرۆزی (ئەیا سۆفیا)[1]
بێجگه له دەرگای مەرقەدان
بێجگه له دەرگای ئاتەشگەی نوور و نزا
دەرگای ماڵی دڵێکیش هەیه هەمیشه ئاوەڵایه
هەمان دڵی (مەولانا) یه
دڵی (نەی) ه



دڵێکە حەوت دەرگای هەیە
گەورەترە لە دڵی دەریا و دەریاوان
پاک لە بیری (نازم حیکمەت)
لە ڕێی (یەشار کەمال) دەچێ
ڕێگای ڕاست لەم دەرگایەوە دوایی نایە
بە هی تریش..
بە ئەستێران
بە لالەکانی شەقامی بن نمە بارانی شەوان
بە چلچرای کۆشکی سوڵتان
بە مۆمە سەرخۆشەکانی (حەرەمخانە)[2] ش
دەڵێم: ئێستا جگە لەنگۆ
لە ئەستەنبووڵ
خۆشترین لالە دەسووتێ
شەوچراغێ
زیندانی هەناسە ساردان
دەکاتە ڕۆژی نیوەڕۆ
لە ڕۆخ ئاوانیش جاڕدەدەم:
دەبا (بسفوڕ)[3] و (مەڕمەڕە) و ماسیگری
قولاب بە دەستی سەر پردی زێڕی (گەڵەتە)[4]ش بزانن
نەورەس و بەلەم و کەشتیش ببیسنەوە



پردێ هەیە لە ئارمووشی زەردەخەنە
بەسەریدا دەپەڕنەوە لێوبەبار و سزادراو..
سزادراوی بێ گوناح
دەپەڕنەوە لەوبەر خوناوی ژیانەوە بنۆشنەوە
دەپەڕنەوە هەڵاڵان هەڵبمژنەوە
دەپەڕنەوە وەک جاران پێبکەننەوە
پیرە چنارێکی باخی (گوڵخانە)[5]ش گەواهی دەدا:
یەکەم جارە ڕەشەبای شووم
کە نەیدەهێشت بێ خەم بنووم
بتۆقێ لە داری ژیان
منیش لە زیندەخەونێکدا
پەیکێکی گریکیم بینی بە ڕوومەوە پێدەکەنی:
ها..ها..ها..ها..
پاش زۆر زۆران
زۆر قوربانی
تیری (ئایرۆس)[6]
لە چاوی (ساناتۆس)[7] چەقی!



شیعر

تشرینی دووەمی 2016، میوانخانەی دەلتا،

ئاکسەرای – لالەلی، ژووری 109، ئەستەنبووڵ

(*) (مرۆڤپەروەری)ی پرۆفیسۆر دکتۆر (ئەنیس ئوزیار) لە نەخۆشخانەی (ئاجی بادەم) لە ئەستەنبووڵ، ئەم دەقەی ئەفراندووە.

(1) کاتدرائیەکی بێزەنتی بووە. ساڵی (532ز) ئیمپراتۆر جۆستنیان دروستیکردووە و پێنج ساڵی خایاندووە. (916) ساڵ کاتدرائیە بووە، پاشان کراوەتە مزگەوت، لە (1935)ەوەش مۆزەخانەیە. یەکێکە لە پەرجووەکانی بیناسازیی ڕۆمانی. ئێوارەی پێنجشەممە لەگەڵ (نالی) ی کوڕمدا زیارەتمان کرد.

(2) بەشێکە لە کۆشک و سەرای (تۆپ قاپی) کە تەرخان بوو بۆ خێزان و ئافرەتەکانی خانەوادەی سوڵتان و خەلیفە عوسمانلییەکان.

(3) ئەو گەرووە، دەریای (ڕەش) بە دەریاچەی (مەڕمەڕە)وە دەبەستێتەوە.

(4) یەکێکە لە پردەکانی ئەستەنبووڵ.

(5) باخچەیەکی (تۆپ قاپی) بووە، پاشان لێی جیاکراوەتەوە.

(6) خواوەندی ژیان.

(7) خواوەندی مەرگ.



## نەوزاد رەفعەت

-لەساڵی 1951 لە هەولێر لەدایکبووە.

- لەساڵی1975 بەشی کوردی زانکۆی بەغدای تەواوکردوە.

- ساڵی 2005- 2010 سەرنوسەری گۆڤاری (نوسەری نوێ) بووە.

- حەوت دیوانی چاپکراوی هەیە.

- کۆمەڵێک چیرۆکی منداڵان و شانۆنامەیەکی منداڵانی نوسیوە.

- بابەتی میتۆلۆجی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە.

- چەندان شیعر و چیرۆکی عەرەبی و بیانی وەرگێڕاوە.